# نا بۆ پیلانی سەپاندنی دەستورێکی فاشی قەومی- ئیسلامی

ئەوەی کە بە پرۆسەی نووسینو پەسەندکردنی دەستوور ناودەبرێت تەنها فریوکارییەکی گەورەو تەزویرێکی ئاشکرای ئیرادەی خەڵکی عێراقە. نەتەنها ئەوەی کە بە پرۆسەی داڕشتنی دەستوور ناودەبرێت بەڵکو تێکڕای پرۆسەی سیاسی ئێستا پرۆسەیەکە کە زەڕڕەیەك قانوونیەتو مەشروعییەتی نییە. هەموو ئەو دامەزراوو ئەنجومەنو یاساو بڕیارانەی کە لەم هەلومەرجەی زادەی شەڕو لەسایەی داگیرکاریدا دامەزراونو پێکهێنراون هیچ جۆرە قانونییەتێکیان نییە.

ئەو دەستوورەی کە لەلایەن کۆنەپەرستترینو دژی ئینسانیترین هێزەکانەوەو بە پشتیوانی ئەمەریکا بنووسرێت، ئەوا نەخشەیەکە بۆ بەرەسمی ناسینو رازیبوون بەم هەلومەرجەی ئێستا. ئەمە هەوڵێکی ترە بۆ بازدان بەسەر مەسەلە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگا کە بریتیە لە چوونەدەرەوەی دەستبەجێی هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیو دەسکۆتاکردنی هێزو میلیشیا ئیسلامیو قەومیو عەشیرەتیە پڕچەكو زەبروزەنگاوییەکان. ئەمڕۆ مەیدانی سەرەکی خەباتی جەماوەری عێراق بریتیە لە دەرکردنی دەستبەجێی ئەمەریکاو کۆتایی هێنان بە باڵادەستی دەستەو تاقمە بەشدارەکان لە خولقاندنی ئەم هەلومەرجە مەئساویەو درێژەپێدانی. سازکردنی هەراوهوریای دەستوور بۆ پاشەکشەپێکردنو گێرانەدواوەی جەماوەرە لەم مەیدانە سەرەکییەی خەباتیدا.

داگیرکاری نامەشروعەو هەرچی دامەزراوو پرۆژەو یاسایەکیشی لەسەر بنیاتنرابێت بەتاڵەو دەبێ وەلابنرێتو هەڵبوەشێتەوە. ئەمە هەنگاوی یەکەمە بە ئاراستەی دەربازبوون لەم هەلومەرجە مەئساویەی ئێستا. ئەمە پێشمەرجی هەڵگرتنی هەر هەنگاوێکی راستەقینەیە بەئاراستەی سازدانەوەی کۆمەڵگا لەڕووی دەستووریو یاساییو دامەزراوەییەوە. داڕشتنی دەستوورو یاساکانی وڵات دەبێ پشتبەستوبێت بە دەخالەتی ئازادانەو هۆشیارانەی جەماوەر، وە لە فەزایەکی گونجاودا، هەورەها لەسەربناغەی سەرەتا ئینسانییەکانو دابینکردنی یەکسانیو مافی هاوڵاتێتی دوور لە هەر شوناسێکی قەومی، دینی، تائیفیو عەشائیریو جنسی. وە دەبی لەگەڵ راگەیاندنی مافە جیهانداگرەکانی ئینساندا بێتەوە. هەر یاساو دەستوورێك کە لەگەڵ ئەم راگەیاندنەدا ناکۆك بێت ئەوا لەگەڵ ئینسانو ئینسانییەتدا ناکۆکەو چارەنوسەکەی هەر مایەپووچیو شکست دەبێت.

ئەو هێزانەی کە ئەمڕۆ دەستوور بۆ جەماوەری خەڵکی عێراق دادەڕێژن، لە هەڵبژاردنێکی ساختەکارانەوە سەریان دەرهێناوەو، هیچ شەرعییەتێکیان نییە، هیچ مافێکی نووسینەوەی دەستوریان نییە. هەر لەسەرەتاوە ئەوە ئاشکرا بوو کە ئەو دەستوورەی ئەم هێزانە دەینووسن، بەهۆی ماهییەتی دژی خەڵکیانەوە، گورزێکی کوشندە لە ئازادیو مەدەنییەتو شارستانێتی کۆمەڵگا ئەوەشێنێ. وە بە پشتبەستنی بە بنەما قەومیو دینیو تائیفییەکان، پێناسەی خەڵکی عێراق لەسەر بناغەی هاوڵاتێتی پووچەڵدەکاتەوە.

فیدراڵیزم بە هەموو ئەو شێوازانەیەوە کە باسی ئەکەن، "ئیسلام دینی رەسمی دەوڵەتە"و سەپاندنی ئیسلام بەسەر ژیانی جەماوەردا، جێگیرکردنی یاسایی دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ نەتەوەو دینو تائیفەو عەشیرەتە جیاجیاکان، پێشێلکردنی مافی 60٪ی کۆمەڵگای عێراقو خۆزگەکانیان (ژنان) بۆ یەکسانی هەمەلایەنە لەگەڵ پیاواندا، نەهێشتنی مەیلە ئازادیخوازانەکانو خوازیاری یەکسانی لە کۆمەڵگادا... هەموو ئەمانە دیاری ئەم دەستوورەن بۆئەوەی کۆمەڵگای عێراق دوای دەیان ساڵ لە حوکمی فاشیزمی عروبی بکاتە داوی فاشیزمی ئیسلامی- قەومییەوە، بۆ پاڵپێوەنانی ئەم کۆمەڵگایە بەرەو کۆیلایەتیو چەوسانەوەو جیاکاری لەدژی ژنانو گێرانەوەی چارەنووسی خوێناویو تاریکی جەماوەری وڵاتانی وەك ئێرانو ئەفغانستان لە عێراقدا.

***جەماوەری ئازایخوازو شارستانی عێراق! خەباتکارانی رێگای دنیایەکی ئینسانیترو درەوشاوەتر!***

نابی دەستوورێکی بەمجۆرە ببرێتە راپرسییەکی ساختەکارانەوە، بەڵکو دەبێ لەگۆربنرێت، دەبێ فڕێبدرێتە زبڵدانی مێژووەوە! ئەمە تەنها بە دەخالەتی دەستبەجێو لێبڕاوانەو بەرەنگاربوونەوەتان لەگەڵ ئەم تەوقی کۆیلەیەتیەی کە دەیانەوێ بیکەنە گەردنتان مەیسەر دەبێ. دەبێ بەڕیزی سەربەخۆتانەوە بێنە مەیدان بۆ شکستپێدانو پووچەڵکردنەوەی ئەم پلانو سیناریۆیە.

**دەبێ "نا"یەکی گەورە بدەن بەڕوویاندا:**

**نا بۆ پیلانی سەپاندنی دەستوورێکی فاشی قەومی- ئیسلامی.**

**نا بۆ داگیرکاری، نا بۆ حکومەتی دەسکەلایان، نا بۆ دەستوورو یاساکانیان.**

**نا بۆ دەستووری سەپاندنی بێبەشیو هەژاری بەسەر جەماوەردا.**

**نا بۆ دەستووری سەرکوتو خنکاندنی ئازادیەکان.**

**نا بۆ سەپاندنی ئیسلامو شەریعەت بەسەر ژیانی جەماوەردا.**

**نا بۆ دەستووری جیاکاری جنسیو دواکەوتوویی.**

**نا بۆ دەستووری دابەشکردنو لێکترازاندنی قەومیو تائیفی کۆمەڵگا.**

*جەماوەری ئازادیخوازو خەباتکار!*

بۆ دەرپەڕاندنی ئەمەریکاو باقی هێزە ئیسلامیو قەومییە بەشدارەکان لە خولقاندنی ئەم سیناریۆیەداو هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو دامەزراوو یاسایانەی کە وەك دەستسازی ئەمەریکاو لەئەنجامی جەنگەکەیدا هاتنە ئاراوە، بۆ گێرانەوەی مەدەنییەت بۆ کۆمەڵگاو پێدانی دەرفەتی تەواو بە جەماوەری خەڵك بۆئەوەی بەشێوەیەکی هۆشیارانەو ئازادانە بڕیار لەسەر داهاتووی سیاسی کۆمەڵگاو جۆری دەسەڵاتەکەی بدەن، خۆتانو خەباتتان لەدەوری مەنشووری "کۆنگرەی ئازادی عێراق" ڕێکبخەن. ئەمە مەیدانی راستەقینەی جەماوەری خەڵکی عێراقە بۆ باشکردنی هەلومەرجی مەئساوی ئێستا.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**ئابی** 2005